# ئەگەر خەڵك لەسەر زمانی زبربەكاربردن یان "تۆمەت!!" دروستكردن بێ سەروشوێن كرێت، ئەبێ یەكێتی و پارتی لەسەر لستێك لەكردەوەی دژی ئینسانیان چ سزایەك بدرێن؟

**عبدالله مەحمود**

*abdulla.mahmud@gmail.com*

لەئاكامی شوێن بزركردنی دكتۆر كەمال سەید قادر لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە، شەپۆلێكی بەرین لەدەنگی نارەزایەتی بۆ ئازادكردنی دكتۆر كەمال و بەرگریكردن لە ئازادی سیاسی دەستی پێكردوە، بۆچی دكتۆر كەمال شوێن بزردەكرێتو دوای دوانزە رۆژ داندەنرێت بەوەدا كە لای پارتی یە؟ بۆچی پارتی و یەكێتی ئێستا لەهەموو كاتێك زیاتر زمانی هەرەشە، سەركوت، دەركردن لەوەزیفە، ڕفاندن، تەقەكردن لەنارەزایەتیە جەماوەریەكان دەگرنە بەر؟ بۆبەم شێوە بەرینە دەنگی نارەزایەتی بەرزدەبێتەوە؟ بۆ ئەحزابی خۆشخزمەتی پارتیویەكێتی بێدەنگیان هەڵبژاردووە؟ چۆن دەكرێت كۆتایی بەپێشیلكردنی ئازادیە سیاسیەكانو بێ یاسایی بهێنرێتوئازادی سیاسیویاسا بەمانای كەلیمە بچەسپێنرێت....تاد. ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن كەدەبێ وەڵام وەربگرنەوە، ئەم وتارە هەوڵێكە بۆ رۆشنایی خستنە سەر ئەم مەسەلانە.

**<u>دیمەنێك لە واقعیەتێكی نزیك بە 15 ساڵە</u>**

شوێن بزركردنی دكتۆر كەمال سەید قادر، لەچوارچێوەی پێشێلكردنی ئازادی سیاسی و بیروباوەرو چاپەمەنیو بەیان ورادەربریندا، نەیەكەم ڕوداوو حاڵەتو نەدواین ڕوداو حاڵەتیش دەبێت، لەمێژووی نزیك بە 15 ساڵی دوای خرۆشانی جەماوەری خەڵكی كوردستاندا، و مێژووی نزیك بە 15 ساڵ دەسەڵاتدارێتی یەكێتی و پارتیدا، بەدەیان سەدان ئینسانی سیاسی و پێشكەوتخوازو چەپ، رفێندراون یان تیرۆركراون و لاشەكەیان كە گۆشەیەكدا فرێدراوە. نەزیر عومەرو ریناس، سەلاح هەورامی و فەرهاد فەرەج، شاپور عبدالقادرو قابیل عادل.....وە دەیان بلاوكراوەو گۆڤار داخراوان، ولات، یەكسانی، ئەمرۆ، بۆپێشەوە، نفار......وەدەیان و سەدان كەس لە ئۆپۆزیسیۆنی وولاتانی ناوچەكە بە تایبەت ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی رفێنراون و تیرۆركراوان، تەقریبەن هەموو حزبە سیاسیەكانی تر بەو حزبانەشەوە كە هەرگیز نایەكی جدی بۆدەسەڵاتی پارتی و یەكێتی بەدەمیاندا نەهاتووە، كەوتونەتە بەر هەرەشەو هێرشی یەكێتی و پارتی، و چەندین حزب نە بە یاسا!! بەڵكە بەزۆری چەك هەڵسورانیان یاساغكراوە، كادرو ئەندامانیان خەڵتانی خوێن كراوە، بەرۆژی ڕۆشن وە ئاشكرا لە بۆتەو نەخشەی لە پێشدا داڕێژراودا گوللە باران كراون، كەسانی سیاسیو دەیان و سەدان نارەزایەتی سیاسی و جەماوەری بەسەركوت وەڵامیان دراوەتەوە، بیروڕای سیاسی خەڵك و ئینتمای حزبی ئازادانە یاساغ بووە، تەنانەت نان پەیداكردن و دامەزراندن بەستراوەتەوە بەبونی پسوڵەی زەردو سەوزەوە، ........تاد.

بەڵام ئەگەرئەمانە هەموو لایەنێكی واقعیەتی سیاسی كۆمەڵگای كوردستانی ژێردەسەڵاتی پارتی و یەكیتی بووە،ئەوا لایەنێكی تری ئەم واقعیەتە وەستانەوە بەرووی ئەم واقعیەتە سیاسی یە باوەدا بووە، وەستانەوەیەكی بێپسانەوە، كە بەشێك لەخەباتی خەڵكی پێشكەوتنخوازو بەرەی متەمەدینی كۆمەڵگا بووە.

ئەم مێژووە لەململانێ ی نێوان ئازادی سیاسی و سەركوتی ئەحزابی بزوتنەوەی كوردایەتیدا، بەدوای وەدەرنانی بەعس لەكوردستان لەلایەن خەڵكی خرۆشاوی ساڵی 1991وە دەست پێدەكات، بەڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی 2003دا، پێدەنێتە دەورەیەكی تازەوە، دەورەیەك كەجێگاورێگای ئەحزابی بزوتنەوەی كوردایەتیو جێگاوڕێگای بزوتنەوەی خەڵكی كوردستان دەگۆریت.

**<u>لەمەیداندا نەمانی بەعس، دیمەنێكی تر</u>**

تابەر لەڕوخاندنی بەعس، ئەحزابی قەومی کورد لەکوردستاندا، هەموو دەنگێکی ناڕەزایەتی و هەموو خواستێکی خەڵکی بە دێوەزمەی بەعس دەترسێنن، و هەموو ئەم نارەزایەتی و خواستانەی خەڵك لەژێرناوی "تابوری پێنجەم" و " خزمەت بەبەعس"دا، سەرکوت دەکەن.

هاوکات ئەوکات کوردستان کۆمەڵگایەکی سەرگەردانە، ئەحزابی سیاسی قەومی کورد، هەمیشە ئومێدکیان بە بەعس و بەغداوە گرێداوە، تا لەوهەلومەرجەی بەعس تێ کەوتووە، کەڵك وەربگرن، بەشیك لە دەسەلاتی سیاسی لێ بپچرن، کە زورجار بۆ ئەو مەبەستەیان بە فەرمانی بەعس و لەگەڵ بەعس هێرش دەکەنە سەر نارەزایەتی خەڵکی کوردستان. وە ئەحزابی قەومی کورد هەمیشە نائومیدی بۆلەدەستدانی دەسەلاتیان لەکودستاندا هەڕەشەیەکە لەسەریان، بەوهۆیەشەوە لە ئەزمەی سیاسیدا پەلوپۆدەکوتن، ئەزمەی پشت تێکردنی ئەمریکا لە لایەك و گەڕانەوەی بەعس بۆ کوردستان و لەدەست دانی دەسەلاتیان.

بەدوای کەوتنی ڕژێمی بەعسدا، ئەم هاوکیشەیە تێکدەچێت، لەلایەکەوە ئەحزابی قەومی کورد بەکەڵك وەرگرتن لەدەسەلاتی 12 ساڵەی خۆیان و بە هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و نەمانی حکومەت لە مەرکەزدا، وە بەهۆی نەبونی بەدیلێکی یەك دەستی بورژوای بۆ دوای بەعس و نەبونی هێزو بزوتنەوەیەکی سەراسەری و جێمتمانەی خەڵك، نەبونی هێزیك کەدەسەلات بەتەنها لەدەستی خۆیدا قوتبی بکاتەوە، ناسیونالیزمی کورد لە چوارچێوەی تەوافقاتی خۆیدا و لەسەر حسابی خەڵکی کوردستان، لە جێگاوڕێگایەکی لە بارتر لە سەرساحەی سیاسی عێراقی هەڵوەشاوەدا بەهرەمەند دەبێت.

لەوکاتەوە ئەم حزبانەی بزوتنەوەی قەومی کورد، بەمتمانە بەخۆ بوونێکی زیاترەوە، لە مەوقعیەتی بەشدار لەدەسەلاتی مەرکەزیدا، رەفتار دەکەن، دەیانەوێ نیشانی بدەن کە دەتوانن وەکو بەعس سەرکوت بکەن، ئازادی سەربرن، ماف بخۆن، شەری نەیارانیان بکەن تا لە منافەسەی نێوان هاوپەیمانەتیە بی پایەکەی خۆیاندا مەوقعیەتی گێرانەوەی ئارامی وەکو یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی عێراق، بۆ خۆیان بپچرن.

بەڵام دیارە یەکیتی وپارتی بەومەوقعیەتە تازەیانەوە، ئیدعانی پێشویان بۆسەرکوت نەماوە، ناتوانن خەڵك بەبەعس بترسێنن، ئیتر بەعس نەماوە، ژیان وگوزەرانی خەڵك برێك بوژانەوەی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ئاکامەکانی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر خەڵکی کوردستان کاریگەریەکانی لاواز بووە، هاوکات نەسڵێکی تازە پێگەیشتوە، کەهیچ ئاشنایەتیەکی مەلموسی لەگەڵ سیاسیەتەکانی بەعس نیەو دەستوپەنجەی لەگەڵ دەسەلاتی ناسیونالیزمی کورد نەرم کردووە، بەجیا لەهەموو ئەمانە کراوەی دنیای ئەمرۆ دەستی کۆنترۆڵی ئەحزابی بۆبەرگرتن بەدەربرینی بیروباوەرو ئاشکراکردنی ڕاستیەکان، کورتترکردۆتەوە، هەموو ئەمانە وای کردووە چاوەروانیەکانی خەڵکی کوردستان بچنە سەرەوەو بەوپێ یەش ڕەوتی خەباتکارانەیان چۆتە ئاستێکی بەرزتر، خوپیشاندانەکانی خەڵکی رانیەو ئاکری و کەلار، خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان،

بەرزبونەوەی شەپۆلی دژی فەسادی وگەندەڵی، هاتنەئارای بەرفراوانی خواستی سەربەخۆی کوردستان، ....دەرهاویشەی ئەم هەلومەرجە تازەیەی دوای ڕوخاندنی بەعسن.

بۆیە ئێستا ئەگەر ناسیونالیزمی کورد لەسەر لوتکەی ئیستراتیجیەکەی خۆی" بەشداری لەدەسەلاتی مەرکەزیدا" دانیشتووە، ئەوا هاوکات ڕوبەڕوی دەریایەك لە شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری یە، چ بەدژی دزی و تالانی و فەسادی ئیدارییاندا، چ بەدژی سیاسیەتی گیرانەوەی کودستان بۆ باوەشی دەسەلاتێکی قەومی و دینی.

لەدڵی هەلومەرجێکی ئاوادایە، هەر دەستدرێژیەك بۆ سەر ئازادی سیاسی و ڕادەربرین، بۆسەر خواستەکانی خەڵك، ڕوبەڕوی "نا"ی گەورەو نارەزایەتی بەرینی بەرەی ئازایخوازی خەڵکی کوردستان دەبێتەوە.

**ڕفاندنی دکتۆر کەمال سەید قادرو، دادگا**

دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان دکتۆر کەمال، شوێن بزدەکرێتو پاش دوانزە رۆژ بەسەر شوێن بزرکردنیدا، پارتی ڕایدەگەیەنێت کەلای ئەوە و بەپێ ی بریاری دادگا دەسگیرکراوە!! نەك رفێنراوە.

هەر زوو، دەنگێکی زۆر بەرزدەبنەوەو ئیدانەی ئەم کردەوە مافیایە دەکەن. هۆکاری ئەم دەنگ بەرزکردنەوەیە چی یە؟ بەجیا لەخودی کردەوە مافیایەکە، هۆکاری بەرزبونەوەی دەنگەکان و دەنگدانەوەی ڕفاندنەکە ئەوەیە کە دکتۆر کەمال بەر

**لەگەڕانەوەی و لەچەند ووتاری جیاجیادا، رەخنە و هێرشی بۆسەر پارتی و بەدیاریکراویش بۆسەر بنەماڵەی بارزانی و شەخسی مەسعود بارزانی،دەست پێدەکات و بەدوای ئەم هێرش و رەخنانەشدا، بەسەراحەت هەواڵی گەڕانەوەی خۆی بۆ تەحەدای پارتی و کەسایەتیەکانی بنەماڵەی بارزانی بۆڕای گشتی ڕادەگەینێت. بەوهۆیەوە لەگەڵ گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان زۆرێك لە نوسەران و قەڵەم بەدەستان بەتایبەت لەدەرەوەی وولات گوێ قولاغی هەواڵ و کاردانەوەی پارتی دەبن. بۆیە لەگەڵ رفاندنیدا، هەواڵەکە دەگاتەوە بەڕای گشتی و بەتایبەتیش بۆ لای نوسەران و سایتە ئەلکترۆنیەکان، ئەمە هۆکارێکە کە رێگە دەگرێت ئەم ڕفاندنە دیزە بەدەرخۆنە بکرێت و بەدەردی دەیان وسەدان کەسی تر ببرێت کە لەوانەیە هەرئێستا لە ژێر شکنجەی پاراستن و زانیاریدا بن.**

**هۆکارێکی تر ئەوەیە کە هەلومەرجی نەفرەت ئامێزی ئێستا بەدژی دەسەڵاتی دزی و تالانی و گێرانەوەی کوردستان بۆ ژێرسایەی دەسەڵاتی قەومی و ئیسلامی مەرکەزیدا، هێندە قوڵ بۆتەوەکەهەر دەستدرێژیوپێشێلکاریەکی دیار زوودەبێتە مایەی تەقینەوەوگەورەبونەوەی و لێکهەڵدەپێکرێت لەگەڵ واقعیەتی نەخوازراوی کۆمەڵگای کوردستان.**

**پارتی لەبەرامبەر ئەم دەنگ هەڵبرێنە بەرچاوەی خەڵك و نوسەراندا، هەراسان بوو، وە هەر لەژێر ئەم گوشارەشدا ناچار بوو کەدان بنێت بەوەدا کە دکتۆر لای ئەوانە، هاوکات باسی دادگای هێنایە ئاراوە، تا شەپۆلی نارەزایەتی بەدژی ئەم کردەوە مافیایەدا خاوبکاتەوە.**

**بە دەلیلێکی زۆر سادە بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنی پارتیەوە دکتۆر کەمال نەگیراوەو رفێنراوە، چونکە کەسێك کە دەسگیر دەکرێت دەبێ لەگەڵ دەسگیرکردنەکەیدا کەس وکاری پلەیەکی وەیان کەسێك کەخۆی دیاری دەکات لەگیرانەکەی ئاگاداربکرێتەوە، هاوکات کەسێك کەدەگیرێت دەبێت لەماوەی 24 سەعاتدا هۆکاری تاوانەکەی رابگەیەنرێت پارتی نەك ئەمانەی نەکردووە، بەڵکە پاش 12 رۆژ و لە ژێر گوشاردا داندەنێت بەوەدا کەلایەتی. لەوانەیە هەر ئەم دوو دەلیلە بەس بێت بۆئەوەی کە دکتۆر ڕفێنراوەو شوێن بزرکراوە نەك دەسگیرکراوە.**

**تا ئەوجێگایەش باسی دادگا هێنراوەتە گۆر، درۆیەکە بەمەبەستی خامۆش کردنەوەی دەنگی نارەزایەتی بەدژی ئەم کردەوە مافیایەدا.**

**لە کودستان شتێك نی یە ناوی دادگای سەربەخۆو قانونی بێت، ئەگەر دادگایەکی سەربەخۆوقانونی لەکودستان ببوایە، ئەوا 15 ساڵی رابردوودا دەبوو بە دەیان و سەدان هۆڵی دادگاو بەهەزاران دادوەرو لێکۆڵەرەوە و زیندان دروسکرابان بۆ دادگای کردنی سەران وبەرپرسانی ئەحزابی قەومی کورد و لایەنە ئیسلامیەکان، لەسەر خەرمانەیەك لە تاوان و پێشێلکاری دەرهەق بە مافە فەردی ومەدەنی و ئازادیەکان و تاوانکاری وەکو کوشتاری مخالفین وەرێخستنی شەڕی ناوخۆو دزیوتالانیونۆکەرایەتی بۆ وڵاتانی ناوچەکەو.....تاد.**

**واقعیەت ئەوەیە لەکوردستان شتێك ناوی نیە دادگای قانونی و سەربەخۆ بێت، ئەوەی کە هەیە بارەگای حزبە بۆ سزدانی نەداران و ناڕازیانی دەسەڵات، بە ئارمی درۆینەی یاسای یەوە.**

**بۆیە ئەوەی کە ژمارەیەك لە نوسەرو قەڵەم بەدەستانی ناڕازی بە دژی ئەم کردەوەیەی لەدژی دکتۆر کەمال کراوە، داوای دادگایکردنی عادلانەی دکتۆر دەکەن، بەهەڵەداچوون، دادگایی عادلانە بەبونی دادگای عادلانەدەکرێت، کە ئەمە لەکوردستان نیە، لەکوردستان نەك دادگا بەڵکە یاسا نیە، حکومەت نیە، ئەوەی کەهەیە دەسەڵاتی میلیشیایی یە، یاساو دادگا بەر لەهەموو شت دژی دەسەڵاتی میلیشیایی یە. بۆیە دەبی لەجیاتی ئەوەی داوابکرێت دکتۆر دادگایی عادلانە بکرێت، دەبێ داوی ئازادی دەست بەجێ و بی قەیدوشەرتی دکتۆر کەمال و هەموو ئەو ئینسانانە بکرێت کە بەهۆی سیاسی و دەربڕینی بیروباوەرو بەیانەوە دەستگیرکراون  بە قەرەبوی ئەم تاوانکاریەی بەرامبەریان کراوە.**

**ئەوەش کە حزبە قەومیەکانی تری کوردستان بێدەنگەیان هەڵبژاردووە، بێ مەلامەت نیە، بەر لەهەموو شت بێدەنگی ئەوان نیشانەی تەئیدیانە بۆ ئەم دەسەڵات و کردەوەیە، هۆکاری بناغەیشی ئەوەیە ئەمانە بەر لەوەی ئەحزابی سیاسی بن، کۆمپانیای پارە پەیداکردن و خۆشخزمەتی دەسەلاتی میلیشیایی پارتی و یەکیتین. یەکیتێش بۆیە دەنگ هەڵنابڕێت، چونکە پەروەندەی لەوەی پارتی پاکتر نیە.**

## رێگا کامەیە بۆ بەرقەرابونی یاسا وداگای قانونی و سەربەخۆ لەکوردستان

بەدادگایی کردنی دکتۆر کەمال، تەنانەت ئازادکردنیشی نە ئازادی سیاسی بەرقەراردەبێت و نەیاساوداگا سەروەری قانونی پەیدا دەکەن، ئەمە خۆشباوەریەکی منالانەیە.

ئەمرۆ مەسەلەی یەکلاکردنەوەی جێ و شوێنی حقوقی ولاتی کوردستان، لەبەردەم هەموو ئینسانێکی پێشکەوتنخوازە، ئەمرۆ کۆمەڵگای کوردستان لەبەردەم دوڕیانێکدایە، یان گێرانەوەی بۆ باوەشی عێراقیکی عەرەبی قەومی کە ناسیونالیزمی کورد بەگشتی و یەکێتی وپارتی بەتایبەتی ئالاهەڵگرنی، یان جیابونەوەو پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆ.

کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی یاسا تیایدا مانای هەبێت، بۆ ئەوەی دادگا قانونیەتی هەبێت

دەبێ بەرلەهەموو شتێك بگەڕێنرێتەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مەدەنی خاوەن هەڵسوکەوتی ئابوری و سیاسی بەڕوبینایەکی حقوقی پێناسەرکراوەوە. ئەمەش بەبێ کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی میلیشیایی ئەحزاب ممکین نیە، کۆتاییهێنان بەدەسەلاتی میلیشیایش لەگرەوی جیابونەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆدایە، هەموو خەبات و تیکۆشانێکی بەرەی رادیکاڵ و پێشکەونتخوازی کوردستان کە ئێستا لەئارادایە، چ بۆ ئازادی سیاسی و چ بۆ کۆتاییهێنان بە دزی و گەندەڵی... دەبێ لێکهەڵپێکرێت لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی بەئاقاری دامەزراندنی ولاتێکی سکولاری غەیرە قەومی، ئەمە ئەو رێگا کارسازو عەمەلیەیە کەدەتوانێ ئایندەیەکی تر بخاتە بەردەم خەڵکی کوردستان و یاساو رێسای پێشکەوتوی تیا دابمەزرێت.

چونکە بەبێ دامەزراندنی دەوڵەت و نیزامێکی سیاسی مۆدیرنو سکولار، لەجێگای دەسەلاتی میلیشیایی ئێستا، باسی ئازادی سیاسی و دادگاو یاسای قانونی، جێگایەکی نابێت.

ماوەتەوە ئەوەبڵێم، ئەگەر لەکوردستان یاساو رێسایەکی سکولار و قانونی ببوایە، یەکێتی و پارتی وەکو حزب، وە سەرانیان وەکو ئەفراد، بەتاوانی کێوێك لە کردەوەو ڕەفتاری دژی ئینسانی دادگای دەکران.

2005-11-13